ئەی پێغەمبەری خودا، من لە جاهیلیەتدا نەزرم کرد بەوەی کە شەوێک ئیعتیکاف بکەم لە مزگەوتی حەرامدا؟ فەرمووی: نەزرەکەت جێبەجێ بکە

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا، من لە جاهیلیەتدا نەزرم کرد بەوەی کە شەوێک ئیعتیکاف بکەم لە مزگەوتی حەرامدا؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: « نەزرەکەت جێبەجێ بکە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- لە جاهیلیەتدا (لە پێش ئیسلامدا) نەزری کرد بەوەی کە شەوێک ئیعتیکاف بکات لە مزگەوتی حەرامدا (واتا: لەو مزگەوتەی کەعبەی تێدایە پێی دەووترێت: -مسجد الحرام-)، بۆیە پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە حوکمی ئەو نەزر کردنەی، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێی کرد کە نەزرەکەی جێبەجێ بکات (واتا: دەبێت شەوێک ئیعتیکاف بکات لە مزگەوتی حەرامدا).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4548